The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

---

# ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد

## کۆبونەوەی نوێنەری ناوەند لەئەمریکا

بەروار: 2005/7/25

نوێنەرانی ناوەند لە شاری ناشفیڵد لە ولایەتی تینیسی لە ئەمریکا سیمینارێکی بۆ ڕێکخەری گشتی ناوەند-دلێر محمد عەلی- سازکرد لە بەرواری 2005/7/24 کاتژێر 11.00 .

لە سیمینارەکەدا کەژمارەیەک لە کوردی دانیشتوانی شارەکە و نوێنەرانی حیزبی و ڕێکخراوە کوردییەکانی شاری ناشفیڵد ئامادەبوون تێیدا، نوێنەری ناوەند پێناسە و پەیرەو وپرۆگرامی ناوەندی خستە ڕوو هەروەها ئامانجەکانی ناوەند و تێڕوانینی ناوەند بۆ بارودۆخی دۆزی کورد و چۆنیەتی هاوکاریکردن لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوە سیاسی و مرۆییە کوردستانییەکان بۆ بنیاتنان و گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان.

لە میانی گفتوگۆکاندا ئامادەبوان هەوڵەکانی ناوەندیان بەرز هەڵسەنگاند و ئامادەیی هاوکاریکردنی ناوەندیان نواند.

شایانی باسە ئەوە ماوەیەکە نوێنەری ناوەند –کامەران کوردی- لەگەڵ چەند دۆست و لایەندگیرانی ناوەند خەریکی تۆمارکردنی ناوەندی - چاک- لە ئەمریکا بۆ ئەوەی بواری چالاکی زیاتر بڕەخسێت لە باری یاسایی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە.

سیمینارەکە ماوەی 2 کاتژێری خایاند.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک-

2005/7/25